ژنەفتن
JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە




# نیچە، فرۆید، مارکس

## میشێل فوکۆ

وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد

فەلسەفە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

میشێل فوکۆ ئەم گوتارەی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٤دا، لە کۆبوونەوەی **کۆڕبەندی نێودەوڵەتی ڕۆیامۆنت** Royaumont پێشکەش کرد. بابەتی سەرەکیی ئەم کۆڕبەندەش فەلسەفەی نیتچە بوو. لە کۆتایی کۆڕبەندەکەشدا مێزگردێك بۆ فوکۆ پێشنیار دەکرێت، و بە ئامادەبوونی چەند فەیلەسووفێکی وەك ***ژان واڵ***، ***جیانی ڤاتیمۆ*** و چەند نووسەرێکی تر بەڕێوە دەچێت و فوکۆش چەند گریمانە و تێزێك سەبارەت بە هەریەکە لە نیچە، فرۆید و مارکس دەخاتەڕوو و، گفتوگۆیەکی کورتیش سەبارەت بە گوتارەکەی فوکۆ ئەنجام دەدرێت.

ئەو گرنگییەی کە فوکۆ دەیداتە بەرهەمەکانی هەریەك لە نیچە، فرۆید و مارکس، لەبەر دەستنیشانکردنی سنووری پانتایی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن و ڕۆڵی بنیاتنەرانەی ئەوانە لە دامەزراندنی هێرمنۆتیکی مۆدێرن و میتۆدی نوێی ڕاڤەکردن. بە باوەڕی فوکۆ، هەریەکە لەم فەیلەسوفانە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئێپیستیمە یاخود سیستەمی زانین دەستنیشان دەکەن. بۆ مارکس ئەم پەیوەندییە لە شێوەی پەیوەندیی نێوان فۆرمی ئەندێشە و دەسەڵاتی ئابووری دەردەکەوێت؛ بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئێپیستیمە، پەیوەندیی نێوان «ژێرخان» و «سەرخان» دەنوێنێت. بۆ فرۆید، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئێپیستیمە لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ئارەزوو و ئێپیستیمە دەستنیشان دەکرێت. بۆ نیچەش، هەموو فۆرمەکانی بیرکردنەوە و ئێپیستیمە کۆمەڵێ دەرکەوتەی جۆراوجۆری «ویستی هێز»ن. هەریەکە لەم فەیلەسوفانە هەوڵدەدەن جۆرێك ڕاڤە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆیی تیۆریزە بکەن؛ ڕاڤەگەلێك کە لەژێر ئاستەکاندا، بوونی لێکدژیی نێوان بەرژەوەندییەکان و دەسەڵات لە ئاستی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، لە دەروونی تاك و لە هەموو مرۆڤایەتیدا، بە شێوەیەکی کاریگەر بدۆزنەوە و ئاشکرا بکەن. ئەم ڕاڤانە، بە تایبەت ڕاڤەکانی نیچە و فرۆید، نەك تەنها ئاشکرایان کرد کە کردەی ڕاڤە بووە بە ئەرکێکی ناکۆتای هەر پانتاییەکی ئێپیستمی، بەڵکە نیشانیان دا کە هیچ بابەتێکی بنچینەیی یا هەقیقەتێکی بنەڕەتی کە چاوەڕێی ڕاڤەکردن بێت، بوونی نییە. بە وتەی فوکۆ، بەرهەمەکانی نیچە، فرۆید و مارکس، ڕاڤەی ڕاڤەن؛ ڕاڤەکردنی ڕوانگەی

بۆرژوازیی سەبارەت بە بەرهەمهێنان (مارکس)، ڕاڤەکردنی خەونێك کە نەخۆش دەیگێڕێتەوە (فرۆید) و، ڕاڤەکردنی مانای وشەکان (نیچە). مارکس جیاوازی دەکات لەنێوان دوو فاکتەردا؛ فاکتەرێك کە بە«ژێرخان/base»، و فاکتەرێك کە بە «سەرخان/superstructure» ناوی دەبات؛ بۆ مارکس، «ژێرخان» بریتییە لە کۆی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا و، «سەرخان» ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیی واتە کولتووری، ئەخلاقی، سیاسی، ئایینی و یاسایی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. بە بۆچوونی مارکس، ئێمە دەتوانین لە ڕێی دۆزینەوەی لۆجیکی کارکردنی ئەم دوو فاکتەرە و پەیوەندییەکانی نێوانیان، واقیعییەتی سیستەمی بۆرژوازیی و ئایدیۆلۆژیاکەی کە «شێوەی پێچەوانەی واقیعییەتە و، دەبێت وەك هۆشیاری درۆیین دابنرێت»، یاساکانی جووڵەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بدۆزینەوە؛ بە دۆزینەوەی لۆجیکی ئەم جووڵەیەش، ئەو واقیعییەتەی کە بەردەوام ئاڵۆز دەینواند، یا بە وتەی خۆی، ئەو واقیعییەتەی کە پەیوەستە بە «دنیای باوەڕە چەقبەستووەکان»ـەوە، بدۆزینەوە. لەلایەکی ترەوە، فرۆید بە دۆزینەوەی شوێن و میکانیزمی ناخودئاگایی لە ژیانی دەروونیی مرۆڤدا، هەوڵیدا پاڵنەرە بنچینەییەکانی ڕەفتارەکان و ئەوەی کە بە کردەی ئاگایی مرۆڤ دادەنرێت، بدۆزێتەوە و، دەریخست کە دەبێت لە ڕێی نیشانەی نەخۆشییەکانەوە یا ڕەمزەکانەوە کە لە جیاتیی خواستە ڕاستەقینەکان دردەبڕدرێن، لە ئاستی ئاگایی مرۆڤەوە بۆ ناخوئاگایی بجووڵێین. بەم شێوەیە، میتۆدێك دەخاتە بەردەم ئێمە کە لە لێکدانەوەی خەونەکان، شارستانیەت، ڕاڤەکردنی کولتووری و هونەریدا، بەکار دەهێنرێت. مارکس، هەرچەندە کردەی گۆڕینی جیهان لە بەرامبەر ڕاڤەکردنی جیهاندا دادەنێت، ڕێگەیەکی تازە بۆ ڕاڤەکردنی زەمینەی ئابووریی سیاسی، دۆزینەوەی واقیعییەتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، شێوازی ئیشکردنی سەرخانی سیستەمی بۆرژوازیی و ستەمکاریی سیستەمی سەرمایەداری دەکاتەوە. فرۆیدیش بە گرنگیدان بە نیشانە و سیمبۆڵە ڕۆژانەیی و پەرشەکان، توانی ڕێگایەك بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایانەی کە لە ناخودئاگایی مرۆڤدا شاردراونەتەوە، یاخود ئەو مانایانەی کە بە شێوەی ڕەمز دەردەکەون، بدۆزێتەوە. وەك دەردەکەوێت فرۆید زیاتر لە مارکس ڕێگایەك بۆ هێرمنۆتیکی مۆدێرن دەکاتەوە؛ و گرنگتر لەوەش ***فرۆید ئەو میکانیزمانەی بەرهەمهێنانی مانای دۆزییەوە کە ئامانجیان شاردنەوەی ماناکانی ترە. بەڵام ئەوەی لەم گوتارەدا بۆ فوکۆ گرنگە، نیچەیە، چون مێژووی هێرمنۆتیکی مۆدێرن***

*بە نیچە دەستپێدەکات؛ هێرمنۆتیکی مۆدێرن لەسەر پایەی تێڕوانین بۆ هەقیقەت دامەزراوە. بە مانایەکی تر، باوەڕبوون بە هەقیقەتی ڕەها، باوەڕبوونە بە تاکڕاڤەیی؛ باوەڕبوون بە فرەیی هەقیقەت، باوەڕکردنە بە فرەیی ڕاڤەکان؛ هێرمنۆتیکی مۆدێرن لەسەر بنەمای فرەیی ڕاڤەکان بنیاتنراوە. ئەوە نیچەیە کە باوەڕی بە هەقیقەت نییە و تەنها لە سنووری ڕاڤەکاندا دەوەستێت؛ ئەو دەڵێت: «هەقیقەت شتێك نییە کە لە شوێنێکدا بێت تا بدۆزرێتەوە، بەڵکە شتێکە کە دەبێت بخوڵقێنرێت»؛ هەقیقەتی پێشدراو بوونی نییە؛ نیچە دەڵێت ئەوە خواستی ئێمەیە کە جیهان ڕاڤە دەکات، «هەقیقەت هاوکێشەیەکە بۆ ویستی هێز»؛ «هەقیقەت بوونی نییە، بەڵکە ئەوەی کە هەیە ڕاڤەی فرەجۆرە»؛ هەقیقەت هیچ نییە جگە لە ڕاڤەی ئێمە بۆ جیهان؛ ڕاڤەی ئێمەش هەمان ویستی هێزە؛ هەقیقەت بێلایەن نییە، هەقیقەت، ویستی داوەریی و عەدالەتە؛ هەقیقەت تەنها ڕواڵەتێکی ڕەمزییە کە لە پشتییەوە ویستی هێز شاردراوەتەوە؛ ئێمە واقیعییەت ڕاڤە ناکەین، بەڵکە شێوەی دەرکەوتنەکانی واقیعییەت ڕاڤە دەکەین. بە دەربڕینێکی تر، ئەوەی کە ئێمە ڕاڤەی دەکەین ڕاڤەیەکی جیهان و شتەکانە کە پێشتر خراوەتەڕوو؛ کەواتە ڕاڤەی ئێمە، ڕاڤەکردنی ڕاڤەیە: زەوتکردنی ڕاڤەکانی تر.* (و. کوردی)

سەرچاوەی ئەم وەرگێرانە:


میشل فوکو، «نیچە، فروید، مارکس»، ت: افشین جهاندیده، ص ۳-۱۴.

میشل فوکو، «نیچه، فروید، مارکس»، در: تئاتر فلسفه، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ دوم، تهران ۱۳۹۰، نشر نی، ص ۷-۲۸.

M. Foucault, Nietzsche, Freud, Marx, in: essential works of Foucault 1954-1984, editor: Paul Rabinow and Others, Pp 269-278.

کاتێك بەرنامەی ئەم «مێزگرد»ـەم پێ پێشنیار کرا، زۆر سەرنجڕاکێش، بەڵام هاوکات ئێجگار سەخت و دژوار کەوتە بەرچاوم. کەواتە من ڕێگەیەکی کورتتر پێشنیار دەکەم: چەند گریمانەیەك لە زەمینەی **تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن**[1]لای هەریەك لە مارکس، نیچە و فرۆید پێشکەش بکەم.

لە ڕاستیدا، وا دێتە پێش چاوم لە پشت ئەم تێگانەوە خەونێك شاردراوەتەوە؛ خەونی ئەمەی کە ڕۆژێك بتوانرێت کۆمەڵەیەکی گشتی، واتە جۆرێك ئینسکلۆپیدیای تەواوی تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن، تەکنیکگەلێك کە لە سەردەمی زمانزانە یۆنانییەکانەوە تا بە ئەمڕۆ ناسیومانن، دەستەبەر بکات. پێموایە تا ئێستا چەند بەشێکی کەم لەم ئینسکلۆپیدیا گەورەیە [ـی تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن] نووسراوە و کاری لەسەر کراوە.

پێم وایە وەك دەروازەیەکی گشتی بۆ ئایدیای مێژووی تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن، دەتوانرێت بگوترێت کە زمان، هەرچۆنێك بێت، بە تایبەت لە کولتووری هیندۆئەورووپاییەکاندا، هەمیشە دوو جۆر **گومان**[suspicion]ـی دروست کردووە:

**یەکەم:** ئەم گومانەی کە زمان بە ڕاستی ئەو شتە ناڵێت، کە دەیڵێت؛ [ئەو شتەی کە زمان دەریدەبڕێت، بە وردی هەمان ئەو شتە نییە کە دەیەوێت دەریببڕێت]؛ لە ڕاستیدا، ئەو مانایەی کە بەدەست دێت و دەستبەجێ ئاشکرا دەبێت، ڕەنگە تەنها کەمترین مانایەك بێت کە مانایەکی تر دەشارێتەوە، سنووورداری دەکات و لەگەڵ ئەمەشدا دەیگوازێتەوە. ئەم مانایەی تر هەم بەهێزترین مانایە و هەم هاوکات مانای بنچینەیی و«شاردراو»ـەیە و دەکەوێتە توێژاڵی ژێرەوە [ـی زمانەوە]. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە یۆنانییەکان پێیان دەوت [allegoria]نیشانەی ڕەمزیی و [hyponoia]حەدس و گومان، مانای نێواخنی].

**دووەم:** لە لایەکی ترەوە، زمان ئەم گومانە دێنێتە ئاراوە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە فۆرمی بەرتەسکی وتەیی خۆی سەرتر دەچێت،[زمان، لە سنووری قەتیسی کەلامی خۆی تێدەپەڕێت]، چون لە جیهاندا شتگەلێکی تریش هەن کە قسە دەکەن و لە توخمی زمان نین و ناگەڕێنەوە بۆ ڕیشەی زمان. بە کورتی، دواجار دەشێت سرووشت، دەریا، گیانەوەران، خشەی گەڵای درەختەکان، ڕوخسارەکان، دەمامکەکان و ئەو شمشێرانەی کە بە شێوەی خاچ لەسەر یەك

[1] the techniques of interpretation.

دانراون، قسە بکەن؛ دەشێت زمانێك هەبێت کە بە شێوەیەکی نا-وتەیی داڕێژرابێت و بەکار بهێنرێت. تاڕادەیەك ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە یۆنانییەکان بە[semainonنیشانە] ناویان دەبرد.

ئەم دوو فۆرمەی گومان کە پێشتر لای یۆنانییەکان دەرکەوتن، لەناو نەچوون و هێشتاکە هەر ماون و لەگەڵماندان، لەبەر ئەوەی درووست لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە جارێکی تر کەوتینە سەر ئەم باوەڕەی کە دەشێت جووڵە بێدەنگەکان، نەخۆشییەکان و هەر دەنگەدەنگێکی تریش لە دەورووبەرماندا قسە بکەن و قسەکەر بن؛ ئێمە زیاتر لە هەر کاتێك گوێ لەم زمانە ڕەخساوانە دەگرین و هەوڵدەدەین لەژێر وشە داپۆشراوەکانەوە، گوتارێکی بنچینەیی تر دەرك بکەین [و بدۆزینەوە].

من پێم وایە هەموو کولتوورێك، مەبەستم هەر فۆرمێکی کولتوورییە لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا، سیستەمی ڕاڤەکردن، تەکنیکەکان، میتۆدەکان و شێوازگەلێکی تایبەتیی خۆی هەبووە لە گومانکردن لە زمان؛ واتە گومان لەمەی کە زمان دەیەوێت شتێك بڵێت بەدەر لەو شتەی کە دەیڵێت، بەدەر لەو شتەی کە لێی تێدەگات؛ و گومان لەمەی کە زمان لە شوێنێکی بەدەر لە زمانە؛ [زمان، لە شوێنێکدا بوونی هەیە کە زمانی تێدا نییە و دەتوانرێت لە دەرەوەی زمانەوە، زمانێکی تر بدۆزرێتەوە]. کەواتە دەبێت بۆ بنیاتنانی سیستەمەکان، یاخود وەك چۆن لە سەدەی هەڤدەیەمدا دەیانووت، بۆ ئامادەکردنی خشتەیەك لە تەواوی ئەم سیستەمانەی ڕاڤەکردن، هەنگاو بنرێت.

بە بۆچوونی من، بۆ تێگەیشتنی ئەمەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا چ سیستەمێکی ڕاڤەکردن بنیات نرا و دواجار تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە تا بە ئەمڕۆ پەیوەستین بەکام سیستەمی ڕاڤەکردنەوە، دەبێت مەرجەعێکی کۆن یا تەکنیکێکی تایبەت لەبەرچاو بگرین کە بۆ نموونە لە سەدەی شانزەیەمدا بوونی هەبووە. لەم سەردەمەدا [سەدەی شانزەیەم]، ئەوە **هاوشێوەیی**[٢]بوو کە سیستەمی ڕاڤەکردنی دەرەخساند، واتە هەم دوورنمای گشتیی ڕاڤەکردن و پێگەکەی، هەم کەمترین یەکەیەك [ـی مەعریفی] کە دەبوو ڕاڤەکردن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات؛ لە هەر شوێنێکدا کە هاوشێوەییەك هەبووایە، لە هەر جێگایەکدا کە شتەکان هاوشێوەی یەکتر بوونایە، ئەوە شتێك هەبووە کە دەیویست بگوترێت و دەکرا ڕەمزشکێنی بکرێت؛ چاك دەزانین کە **هاوشێوەیی** و تەواوی ئەو گریمانانەی کە وەك مانگ بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەردووناسی، گیاناسی، گیانەوەرناسی و فەلسەفەی سەدەی شانزەیەمدا گێڕاوە. لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی ئێمەی مرۆڤانی سەدەی بیستەمەوە، تەواوی ئەم تۆڕەی **وەکیەکییەکان** تاڕادەیەك

---

٢. resemblance.

تۆرێکی نادیار و ئاڵۆز و تێکچرژاوە. بەڵام لە ڕاستیدا، کۆمەڵەی **هاوشێوەییەکان** لە سەدەی شانزەیەمدا، کۆمەڵەیەکی تەواو سیستماتیك و ڕێکخراو بوو. بە لایەنی کەمەوە پێنج گریمانەی گرنگ و دەستنیشانکراو بوونی هەبوو:

١. گریمانەی[convenentiaوێکهاتنەوە]؛ یا هاودەقی و گونجان (بۆ نموونە، هاودەقیی ڕۆح لەگەڵ جەستەدا، یا سازگاریی زنجیرەی گیانەوەریی لەگەڵ زنجیرەی گیاییدا).
٢. گریمانەی [sympatheiaچوونیەکی]؛ یا هاودەنگی (بۆ نموونە، وەکیەکی و هاودەنگیی **ڕووکارەکان** لە **جەوهەرە جیاوازەکان**دا).
٣. گریمانەی [emulatio ڕکابەرێتی و لاساییکردنەوە]؛ کە هاوتەریبی ئێجگار سەیری تایبەتمەندییەکانە لە جەوهەرەکاندا یا لە بوونەوەرە جیاوازەکاندا، بە شێوەیەك کە وەك بڵێی تایبەتمەندییەکان لەم یان لەو جەوهەرەدا، ڕەنگدانەوەی یەکتر بن (بۆ نموونە، **پۆرتا**[فەیلەسووفی ئیتاڵیایی سەدەی هەڤدەیەم] ڕوونی دەکاتەوە کە ڕوخساری مرۆڤ بە حەوت بەشە جیاوازەکەیەوە جۆرێکە لە ڕکابەرێتی و لاساییکردنەوەی ئاسمان و حەوت ئەستێرەکەی.
٤. گریمانەی[signatura واژۆ]، کە وێنەی تایبەتمەندییەکی نائاشکرا و شاراوەیە لەناو تایبەتمەندییە ئاشکراکانی تاکدا.
٥. و دواجار، گریمانەی[analogieلێکچوونی ڕەمزیی] کە وەکیەکیی پەیوەندییەکانی نێوان دوو یا چەند جەوهەرێکی جیاوازە.

کەواتە لەم سەردەمەدا، [سەدەی شانزەیەم]، **تیۆریی نیشانە** و **تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن** لەسەر پێناسەیەکی تەواو ڕوونی تێکرای چەشنە ڕەخساوەکانی **هاوشێوەیی** وەستابوو و، دوو مەعریفەی تەواو جیاوازی بەرهەم دەهێنا: [cognitioمەعریفەت] کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بوارگەیەك بوو هاوتەریب لە هاوشێوەییەکەوە بۆ هاوشێوەیەکی تر؛ و [divinationغەیبزانی] کە مەعریفەیەکی قووڵ بوو، و لە هاوشێوەیەکی ڕووکەشەوە دەچووە سەر هاوشێوەیەکی قووڵتر. تەواوی ئەم هاوشێوەییانە، لە بنەڕەتدا کۆدەنگیی جیهانێك ئاشکرا دەکەن کە بنیاتیان دەنێت؛ ئەم هاوشێوەییانە دەکەونە خاڵی بەرامبەری هاوشێوەیی [simulacrumهاوشێوەنما، خۆنوێن]، واتە هاوشێوەییەکی درۆیین کە لەسەر جیاوازیی و ناهاوشێوەیی خواوەند و شەیتان وەستاوە.

***

ئەگەرچی ئەم تەکنیکانەی ڕاڤەکردنی سەدەی شازدەیەم بەهۆی گۆڕانی ئەندیشەی ڕۆژئاوا لە سەدەی هەقدەیەم و هەژدەیەمدا هەڵپەسێردران، و ئەگەرچی ڕەخنەی بیکنیی و دیکارتیی لە هاوشێوەیی، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە کەنارخستنی ئەم تەکنیکانەدا، بەڵام بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم و بەتایبەت مارکس، نیچە و فرۆید جارێکی تر ئەگەری نوێی ڕاڤەکردنیان خستە بەردەم ئێمە و دووبارە ئەگەری یەک**هێرمنۆتیک**[Hermeneutique]ـی جیاوازیان دامەزراند.

کتێبی یەکەمی ***سەرمایە***[ـی مارکس[3]]، چەند دەقێکی وەك ***لەدایکبوونی تراژیدیا***[٤] و ***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق***[٥][ـی نیچە] و ***لێکدانەوەی خەونەکان***[ـی فرۆید[6]]، سەرلەنوێ دەمانخەنەوە بەردەم تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن. کاریگەری ئەم شۆکە و جۆرە برینێك کە ئەم بەرهەمانە لەناو ئەندیشەی ڕۆژئاوادا دروستی دەکەن، ڕەنگە لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەم بەرهەمانە سەرلەنوێ لە پێش چاوماندا شتێکیان درووست کردەوە کە خودی مارکس لە شوێنێکدا بە «نووسینی هیرۆگلیفی» ناوی دەبات. ئەم پرسەش ئێمەی خستووەتە دۆخێکی ئازاردەر و دژوارەوە، لەبەرئەوەی ئەم تەکنیکانەی ڕاڤەکردن پەیوەندیان بە خودی خۆمانەوە هەیە[و خۆمان بابەتی ڕاڤەین] و ئێمەی ڕاڤەکاران لە میانەی ئەم تەکنیکانەدا، دەستمان بە ڕاڤەکردنی خۆمان کردووە. لە بەرامبەردا، دەبێت بەهۆی هەمان ئەو تەکنیکانەوە، ڕاڤەکارەکان واتە نیچە، فرۆید و مارکس بخەینە ژێر پرسیارەوە، بە شێوەیەك کە بەردەوام لە یەك گەمەی هەمیشەیی ئاوێنەکاندا پێچەوانە ببینەوە.

فرۆید لە شوێنێکدا دەڵێت سێ برینی[٧]گەورە خرایە ناو جەستەی کولتووری نەرجسیی ڕۆژئاواوە: برینێك کە***کۆپەرنیکۆس*** لە زانستی گەردووناسییدا هێنایە ئارا؛ برینێك کە داروین بە دۆزینەوەی ئەمەی کە مرۆڤ لە نەوەی مەیموونە، خستییە کولتووری بەرزەفڕ [ـی مرۆڤگەرایی] ڕۆژئاواوە؛ و برینێك کە خودی فرۆید بە دۆزینەوەی ئەمەی کە خودئاگایی لەسەر ناخودئاگایی ڕاوەستاوە، و [عەقڵانییەتی] ڕۆژئاوای خستە بەردەم گومانەوە. ئێستا لە خۆم دەپرسم ئایا ناتوانرێت بگوترێت کە فرۆید، نیچە و مارکس ئێمەیان لەناو بازنەی کاری ڕاڤەکردندا داناوە؛

---

3. Ko Marx, Das Kapital, Kritik der Politischen Oekonomie, Buch I: Der Produktion prozess des Kapitals, Hambourg, O. Meissner, 1867.

٤. F. Nietzche, Die Geburtder Tragodie. Oder: Griechentbum und Pessimismus, Leipzig, E. W. Fritzch, 1872.

٥. F. Nietzch, Zur Genealogie der Moral, Leipzig, C. G. Naumann, 1887.

6. S. Freud, Die Traumdeutung, Vienne, Franz Deuticke, 1990.

٧. blessures.

ڕاڤەیەك كە بەردەوام بەسەر خۆیدا قڵپ دەبێتەوە و لە چواردەوری ئێمەدا و بۆ ئێمە، چەندین ئاوێنەیان دروست كردووە كە وێنەكان بۆ ئێمە پێچەوانە دەكەنەوە و برینە ناكۆتاكانی ئەم وێنانە نەرجسییەتی ئەمڕۆی ئێمە پێكدەهێنن؟ بەهەرحاڵ، دەمەوێت لەم بارەیەوە چەند پێشنیارێك بخەمەڕوو. وادێتە بەرچاوم كە نیچە، فرۆید و ماركس نیشانەكانیان لە كولتووری ڕۆژئاوادا بە ژمارە زۆر نەكردووە، هیچ مانایەكی تازەیان نەبەخشیوەتە شتێكی بەدەر لە مانا؛ شتێك كە خۆی لە سەرەتاوە مانادار نەبووبێت. لە ڕاستیدا، ئەوان بە گشتی، چییەتیی نیشانە و شێوەی ڕاڤەكردنی نیشانەیان گۆڕیوە؛ ڕێگەیەك كە دەكرا نیشانەی پێ ڕاڤە بكرێت.

یەكەمین پرسیارێك كە دەمەوێت بیخەمە ڕوو ئەمەیە كە ئایا نیچە، فرۆید و ماركس **فەزای دابەشكاریی** یان بە قووڵی نەگۆڕیوە، فەزایەك كە تێیدا نیشانەكان دەتوانن نیشانە بن؟

لە سەدەی شانزەیەمدا- كە من ئەوم وەك مەرجەع و پێودانگێك لەبەرچاو گرت- نیشانەكان بە شێوەیەكی هاوچەشن و یەكدەست لە فەزایەكدا دەچنران و دادەڕێژران، كە هەمان فەزا خۆشی لە تەواوی لایەنەكانەوە هاوچەشن و یەكدەست بوو؛ نیشانە زەمینییەكان بۆ ئاسمان دەنێردران یا بۆ جیهانی ژێرەوە و ئەم نیشانانە لە مرۆڤەوە بۆ گیانەوەر دەگەڕانەوە یا لە گیانەوەرەوە بۆ گیا و بە پێچەوانەشەوە. لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە و بەهۆی فرۆید، ماركس و نیچەوە، نیشانەكان لە فەزایەكی تەواو جیاوازدا و لەسەر بنەمای ڕەهەندێك پۆلێن كران كە دەتوانرێت بە **ڕەهەندی قووڵایی** ناو بنرێت؛ ئەڵبەتە بەو مەرجەی كە مەبەست لە **ڕەهەندی قووڵایی** نەك ناوەكێتی[۸] بەڵكە بە پێچەوانەوە، دەرەكێتی[۹] بێت.

من بە شێوەیەكی تایبەت بیر لەو مشتومڕە دووروودرێژەی نیچە دەكەمەوە كە هەمیشە لەگەڵ **قووڵایی**دا دەیكات. لای نیچە، ڕەخنەی قووڵایی یۆتۆپی، واتە ڕەخنەی **قووڵایی ئاگایی** بوونی هەیە، قووڵاییەك كە نیچە وەك داهێنانی گەورەی فەیلەسووفەكان ئاشكرای دەكرد و ڕەتی دەكردەوە؛ ئەم قووڵاییە ئایدیاڵییە، گەڕانێكی پەتیی و دەروونیی هەقیقەتە [قووڵایی یۆتۆپی، گەڕانێكی پەتییە لەناوەوەی هەقیقەتدا]. نیچە نیشانی دەدات كە چۆن ئەم قووڵاییە هەڵگری خۆبەدەستەوەدان، دووڕوویی و پەردەپۆشییە؛ بە شێوەیەك كە ڕاڤەكار لە كاتی ڕووماڵكردنی نیشانەكانی ئەم قووڵاییە بۆ ڕەتكردنەوەیان، دەبێت بە شێوەی هێڵێكی ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بچێت و نیشانی بدات كە ئەم قووڵاییە ناوەكێتییە لە ڕاستیدا شتێكی جیاوازە لەو شتەی

---

۸. interiorite: interiority.

۹. exteriorite: exteriority.

کە ئەو دەیڵێت و پەیوەندیی نییە بەو شتەوە کە ڕاڤەکار ئاشکرای دەکات؛ دواجار، ڕاڤەکەر دەبێت [لە هێڵە ستوونییەکە] بچێتە خوارەوە و بە وتەی نیچە «هەڵکۆڵەری چاکی قووڵاییەکان»(١) بێت.

بەڵام لە کاتی ڕاڤەکردندا، [ڕاڤەکار] ناتوانێت ئەم هێڵە ستوونییە بپێوێت و بە شێوەیەکی ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە [لە ئاستەوە بۆ قووڵایی] ئەم هێڵە ببڕێت، مەگەر تەنیا بۆ دروستکردنەوەی دەرەکێتییەکی ڕووناکیدەر کە شاردراوەتەوە و داپۆشراوە. هەر لەم ڕووەوە، گەرچی ڕاڤەکار دەبێت وەك هەڵکۆڵەر بچێتە قووڵاییەوە، بە پێچەوانەوە، جووڵەی ڕاڤەکردن، چەشنی جووڵەی یەك دەرپەڕیویی [یا چەشنی جووڵەی دەرهاتن و هەڵتۆقینێکە]؛ دەرپەڕین پتر بەرزاییەکە کە بەردەوام قووڵایی- بە شێوەیەکی بنەڕەتیئاشکراتر و بینراوتر لە ڕابردوو- لە بەرزایی خۆیدا دەنوێنێتەوە. بەم شێوەیە، قووڵایی هەروەك نهێنییەکی تەواو سەتحیی دروست و جێگیر دەکرێتەوە، بە شێوەیەك کە فڕینی هەڵۆکان و هەڵگەڕان بە کێودا و تەواوی ئەو ستوونێتییە ئێجگار گرنگەی لە *زەردەشت*دا، لە مانای وردی وشەدا، قڵپبوونەوەی قووڵایین و دۆزینەوەی ئەمەی کە قووڵایی هیچ نییە جگە لە گەمەیەك و لۆچیی سەتح [قووڵایی، لۆچبوون و نووشتانەوەی ئاستە]. هەرچی جیهان لە بەرامبەر چاوی ئێمەدا قووڵتر بنوێنێت، ئەوکاتە تێدەگەین کە ئەو شتەی کە قووڵایی مرۆڤی بارهێناوە، هیچ نییە جگە لە گەمەیەکی منداڵانە.

لە خۆم دەپرسم کە ئایا ئەم شوێنمەندیی[10]، ئەم گەمە نیچەییە لەگەڵ قووڵاییدا، شیاوی بەراوردکردن نییە لەگەڵ گەمەیەکی بە ڕواڵەت جیاواز کە مارکس لەگەڵ سەتحیگەریدا[platitude] ئەنجامیدا؟ چەمکی سەتحیگەریی لای مارکس زۆر گرنگە؛ مارکس لە دەستپێکی *سەرمایە*دا، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بە پێچەوانەی **پرسیۆس**-ەوە، ئەو دەبێت بچێتە ناخی قووڵایی تەمەوە تا بە ڕاستی نیشانی بدات کە نە هیوولاکان بوونیان هەیە و نە مەتەڵە قووڵەکان، لەبەرئەوەی تەواوی ئەو قووڵاییەی کە لە جیهانبینی و چەمکسازیی بۆرژوازییدا هەیە لەبارەی پارە، سەرمایە و بەهاوە، لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە سەتحیگەریی.

و بێگومان لێرەدا دەبێت فەزایەکی ڕاڤەکردن بەبیر بهێنرێتەوە کە فرۆید دایمەزراند؛ فەزایەك ئەویش نەك تەنها لە شوێنناسیی ناوداری خودئاگا و ناخودئاگا، بەڵکە لە ڕێساگەلێك دروست بکرێت کە بۆ توێژینەوەی دەروونشیکارانە و ڕەمزشکێنی دەروونشیکار لە ئاست ئەو شتەی کە لە ڕەوتی «زنجیرە»ی گوتار و گفتوگۆدا دەوترێت، ڕێك بخرێت. و دەبێت شوێنمەندییەکی تەواو

---

10. spatiality.

ماتریاڵی بەبیر بهێنرێتەوە کە فرۆید گرنگییەکی زۆری بۆ دادەنا؛ شوێنمەندییەك کە تاکی نەخۆش دەخاتە ژێر نیگای زاڵ و دەستدرێژیکەری دەروونشیکارەوە.

***

دووەمین تێگەیەك[١١] کە دەمەوێت بۆ ئێوەی گەڵاڵە بکەم، کەمێك بەستراوە بە گریمانەی پێشووترەوە، لەدوای ئەو سێ بیرمەندەوە [نیچە، مارکس و فرۆید] کە کەمێك پێش ئێستا قسەم لەسەر کردن، ئەمەیە کە سەرەنجام ڕاڤەکردن گۆڕاوە بۆ کارێکی ناکۆتا و بێسنوور.

لە ڕاستیدا، لە سەدەی شانزەیەمیشدا ڕاڤەکردن کارێکی ناکۆتا و بێ بڕانەوە بوو، بەڵام نیشانەکان بەردەوام بۆ یەکتر دەگەڕانەوە. هۆی ئەمەش سادە بوو، چون **هاوشێوەیی** تەنها دەیتوانی سنووردار بێت و بە ڕاستیش زۆر سنووردار بوو. لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، نیشانەکان لە تۆڕێکی تەواونەکراودا کە ئەویش تۆڕێکی بێسنوورە، بە شێوەی زنجیرەیی گرێ دەدرێن بە یەکترەوە، نەك بەو هۆیەی کە نیشانەکان لەسەر هاوشێوەییەکی بێسنوور وەستاون، بەڵکە لەو ڕووەوە کە کراوەیی و درزێکی پڕنەکراوە بوونی هەیە.

بە باوەڕی من، ناتەواویی ڕاڤە، ئەمەی کە ڕاڤە بەردەوام پارچە پارچەیە و لەوپەڕی سنووری خۆیدا بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەمان ئەو شتەیە کە لە ئەندێشەی مارکس، فرۆید و نیچەدا و لە قاڵبی پەسەندنەکردن و **نکۆڵیکردنی دەستپێك**دا دەبینرێت. ڕەتکردنەوەی «ڕابینسۆنێتیی»[١٢] بە وتەی مارکس؛ جیاکاریی ئێجگار گرنگی نێوان دەستپێك و ئاخێزگە لای نیچە؛ و تایبەتمەندیی هەمیشە ناتەواوی میتۆدی گەڕانەوە و شیکاریی لای فرۆید. ***ئەم ئەزموونەی کە بە چ ئەندازەیەك لە ڕاڤەکردندا زیاتر پێش بکەوین، بە هەمان ئەندازە و لە هەمان دۆخدا، زیاتر نزیك دەبینەوە لە ناوچەیەکی تەواو ترسناك کە تێیدا نەك تەنها ڕاڤەکردن پێتی گەڕانەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵکە تێیدا خودی ڕاڤەکردن وەك ڕاڤە لەناو دەچێت و دەشێت لەناوچوونی خودی ڕاڤەکەریشی بەدواوە بێت؛ ئەمە ئەزموونێکە کە بە تایبەت لای نیچە و فرۆید و تا ئاستێکی کەمتر لای مارکس دەبینرێت؛ و بە بۆچوونی من، بۆ هێرمنۆتیکی مۆدێرن ئەزموونێکی ئێجگار گرنگە. بوونی هەمیشە نزیکی پێتی ڕەهای ڕاڤەکردن، هەندێکجار***

---

[١١] theme.

[١٢] Robinsonade، ژیانی دوور لە شارستانییەت؛ ئاماژەیە بۆ چیرۆکەکەی ڕۆبینسۆن کرۆزۆ.

***دەتوانێت بوونی پێتی دابڕانیش بێت. [هەبوونیپێتی ڕەهای هەمیشەیی لە ڕاڤەکردندا، هاوکات هەبوونی پێتی دابڕانیشە[١٣]].***

ئێمە باش دەزانین کە چۆن فرۆید ئەم تایبەتمەندییەی ڕاڤەکردنی، واتە تایبەتمەندیی لە لایەنی پێکهاتەییەوە کردەوە و گەمەی ڕاڤەکردنی دووبارە پلەبەپلە دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوەیە لە سەرەتادا بە چەشنێکی زۆر هێمایی و پتر داپۆشراو لە ژیانی خۆیدا و لە***لێکدانەوەی خەونەکان***دا پێکهات، کاتێك کە فرۆید خەونەکانی خۆی ڕاڤە کرد و بۆ ڕاوەستاندنی ئەم کاری ڕاڤەکردنەش، پەنای بردە بەر هۆکارگەلێکی وەك شەرم و ئابڕوو یا ئاشکرانەکردنی نهێنییەکی تاکەکەسی.

لە دەروونشیکاریی **دۆرا**دا، دەرکەوتنی ئەم ئایدیایە دەبینین کە دەڵێت: پێویستە ڕاڤەکردن بوەستێت و ناتوانێت تا دواسنوور بڕوات، ئەویش بەهۆی ئەو شتەوە کە ساڵانی دواتر بە **گواستنەوە[transference]** ناوبرا. دوای ئەوەش، لە ڕێگەی توێژینەوەی هەر گواستنەوەیەکەوە، ناکۆتابوونی لێکدانەوە لە تایبەتمەندیی ناسنووردار و بێ برانەوەی گرفتسازی پەیوەندیی نێوان **تاکی لێکدراوە** لەگەڵ **[دەروونشیکاری] لێکدەرەوە و زاڵدا**، پشتڕاست کرایەوە؛ پەیوەندییەك کە بێگومان توخمی پێکهێنەری دەروونشیکارییە و فەزایەك دەکاتەوە کە تێیدا دەروونشیکاریی بەردەوام دەکشێت، بەبێ ئەوەی کە هەرگیز بتوانێت بگاتە خاڵی کۆتایی.

وەك ئاشکرایە لای نیچەش ڕاڤەکردن بەردەوام ناتەواوە. فەلسەفە لە دیدی نیچەدا چییە جگە لە جۆرێك زمانناسیی کلاسیکی[philology] کە بەردەوام لە دۆخی هەڵپەساردندایە؛ زمانناسییەکی ناکۆتا کە بەردەوام پێش دەکەوێت و هەرگیز ناتوانێت تەواو چەسپاو بمێنێتەوە؟ بۆچی؟ چون هەر بەو جۆرەی کە خۆی لە کتێبی ***ئەودیوی خێر وشەڕ***دا(٢) دەڵێت: «دەشێت ئەمە خەسڵەتی بنەڕەتیی بوون بێت، کە ئەگەر کەسێك دەستی بگاتە مەعریفەی کامڵ سەبارەت بە بوون، ئەوا لەناو دەچێت»؛ [لەناوچوون لە ئەنجامی ناسینی ڕەهاوە، ڕەنگە ئەمە بەشێك بێت لە بنەڕەتیی بوون]؛ لەگەڵ ئەمەشدا، نیچە لە کتێبی ***ئەمەیە مرۆڤ***دا(٣) نیشانیدا کە چەندە نزیك بووە لەم مەعریفە کامڵەوە کە بەشێکە لە بنەڕەتیی بوون، وەك چۆن لە پاییزی ١٨٨٨دا لە شاری تۆرینۆ نزیك بوو[لە لەناوچوونەوە].

ئەگەر لە نامەکانی فرۆیددا، کەڵکەڵە هەمیشەییەکانی ئەو لە قۆناغێکدا کە دەروونشیکاریی دۆزییەوە، ڕەمزشکێنی بکەین، [ئەوا] ئەوکاتە دەتوانین لە خۆمان بپرسین کە ئایا ئەزموونی فرۆید

---

١٣. **تێبینی**: وشە و ڕستەکانی ناو ئەم جۆرە کەوانەیە [...] لە لایەن وەرگێڕی کوردییەوە دانراون.

لەڕاستیدا تاڕادەیەك هاوشێوەی ئەزموونی نیچە نییە؟ ***ئەو شتەی کە لە پێتی داڕانی ڕاڤەکرندا دەخرێتە ڕوو، ئەوشتەی کە لە خواستی ڕاڤەکرندا هەیە، خواستێك کە دەیگەیێنێتە پێتێك کە ئیتر خودی ڕاڤەکردن نارەخساو دەنوێنێت، ئەمە پێدەچێت تەواو شتێکی وەك ئەزموونی شێتی بێت***.

ئەمە ئەزموونێکە کە نیچە جەنگی لەگەڵدا کرد و [هاوکات]پێی سەرسام بوو؛ ئەزموونێك کە فرۆیدیش لە تەواوی ژیانیدا ململانێی لەگەڵدا کرد، ئەڵبەتە نەك بەبێ دڵەڕاوکێ. ***ئەم ئەزموونەی شێتی، سزای جووڵەی ڕاڤەیەکە کە بێ بڕانەوە نزیك دەبێتەوە لە چەقی خۆی، دەسووتێت و لەناو دەچێت [نیچە].***

***

بە باوەڕی من، ئەم ناتەواوییە جەوهەرییەی ڕاڤەکردن پەیوەستە بە دوو پرەنسیپی ترەوە کە ئەوانیش بنەڕەتین و لەگەڵ دوو پرەنسیپەکەی پێشووتردا، کە کەمێك بەر لە ئێستا قسەم لەسەر کردن،پێشگریمانەکانی[١٤] هێرمنۆتیکی مۆدێرن پێکدەهێنن. یەکەم؛ ئەم پرەنسیپەی کە***ڕاڤە هەرگیز ناگاتە خاڵی کۆتایی و دوایی نایێت، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك بۆ ڕاڤەکردن بوونی نییە؛ هیچ شتێکی تەواو سەرەتایی بۆ ڕاڤەکردن بوونی نییە، لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا هەموو شتێك پێشوەخت خودی ڕاڤەکردنە؛ و هەر نیشانەیەك شتێك نییە کە لە خۆیدا و بە خۆڕسك خۆی بۆ ڕاڤەکردن دەربخات، بەڵکە هەر نیشانەیەك ڕاڤەکردنێکە لە نیشانەکانی تر.***

***هیچ ڕاڤەکراوێك [interpretandum]نییە کە پێشتر ڕاڤەکار [interpretans]نەبووبێت، چون ئەمە پەیوەندییەکە ڕەق و بە هەمان ئەندازە ڕوونکەرەوە کە لە پرۆسەی ڕاڤەکردندا دادەمەزرێت؛ لەڕاستیدا، ڕاڤەی ڕوونکەرەوە بابەتێك نییەبۆ ڕاڤەکردن، بابەتێك کە بە شێوەیەکی پاسیڤانە خۆی بخاتە بەردەم ڕاڤەکردنەوە؛ ڕاڤە تەنها دەتوانێت ڕاڤەی پێشتر بە توندووتیژییەوە زەوت بکات، و پاشان دەبێت ژێروڕووی بکات و هەڵیگەڕێنێتەوە و [بە وتەی نیچە] بە لێدانی چەکوش وردی بکات.***

ئێمە ئەم خاڵەمان پێشتر لای مارکس بینیوە، ئەو نەك مێژووی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەڵکە پەیوەندییەك ڕاڤە دەکات کە چون خۆی هەر وەك سرووشت دەنوێنێت، پێشوەخت وەك ڕاڤە دەخرێتە ڕوو. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە لای فرۆید دەبینرێت، فرۆیدیش نەك نیشانەکان، بەڵکە ڕاڤەکان ڕاڤە دەکات. لە ڕاستیدا، فرۆید لەژێر نیشانەی نەخۆشییەکاندا[symptoms] چ شتێکی

---

[١٤] postulate.

دۆزییەوە؟ ئەو بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە زۆرینە دەیڵێن، تراوماکانی [traumas] نەدۆزییەوە، بەڵکە وەهمەکان [phantasms] و دۆخی دڵەڕاوکێهێنەری وەهمەکانی دۆزییەوە؛ واتە ناوکێك کە بە خۆڕسك لە بوونیدا، یەك ڕاڤەیە. بۆ نموونە، بەوچەشنەی کە دال بۆ مەدلوول دەگەڕێتەوە، بێ ئیشتیایی ناگەڕێتەوە بۆ لەشیرگرتنەوە، بەڵکە وەك نیشانە و سەمپتۆمێك کە پێویستە ڕاڤە بکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ وەهمەکانی خراپی مەمکی دایك کە خۆی یەك جۆر ڕاڤەیە و پێشوەخت وەك ئەندامێکی قسەکەر دەردەکەوێت. لەبەر ئەمە فرۆید دەبوو تەنها ئەو شتە ڕاڤە بکات کە لە زمانی نەخۆشەکانییەوە وەك نیشانەی جیاواز پێشکەشی دەکرا؛ ڕاڤەکردنی فرۆید بریتی بوو لە ڕاڤەکردنی ڕاڤەکردن لە چوارچێوەی وشەگەلێکدا کە ئەم ڕاڤەیەی تێدا دەردەکەوت. ***ئێمە زۆر باش ئەوە دەزانین کە فرۆید ڕۆژێك چەمکی «منی باڵا-superego»ی داهێنا، کە نەخۆشێك پێی وت: «هەست بە بوونی سەگێك دەکەم لە خۆمدا»***[١٥].

نیچەش بە هەمان شێوە، ئەو ڕاڤانە زەوت دەکات، کە پێشتر یەکتریان زەوت کردووە. بۆ نیچە، یەك مەدلوولی ئۆریجیناڵ و سەرەتایی بوونی نییە. خودی وشەکانیش هیچ نین جگە لە خودی ڕاڤەکردن و، بە درێژایی تەواوی مێژووی وشەکان بەرلەوەی کە نیشانە بن، ڕاڤە دەکەن و دواجار تەنها لەو ڕووەوە ئاماژەکەرن کە خۆیان هیچ نین جگە لە ڕاڤە بنچینەییەکان. ڕیشەناسیی ناوداری [agathosباڵانەژاد](٤) تاکە بەڵگەی ئەم پرسەیە. هەروەها ئەمە هەمان ئەو وتەیەی نیچەیە کە [دەڵێت] هەمیشە وشەکان لە لایەن چینە باڵاکانەوە داهێنراون: وشەکان ئاماژە ناکەن بۆ یەك مەدلوول، بەڵکە ڕاڤەیەك دەسەپێنن. دواجار، بەهۆی بوونی وشە سەرەتایی و مەتەڵ ئاساکانەوە نییە کە ئێمە ئێستاکە خۆمان تەرخان کردووە بۆ کردەی ڕاڤەکردن، بەڵکە پتر لەبەر ئەوەیە کە ڕاڤەکان بوونیان هەیە، بەهۆی ئەوەوەیە کە لەژێر پەردەی هەموو ئەو شتانەی کە قسە دەکەن، بەردەوام ڕەوتێکی گەورەی ڕاڤەکان یاخود توێژاڵێکی چڕی ڕاڤە توندوتیژەکان ئامادەیە و بوونی هەیە؛ هەربەم هۆیەیە کە نیشانەکان هەن، نیشانەگەلێك کە ڕێگەمان دەدەن ڕاڤەکانیان ڕاڤە بکەین و وەك نیشانە قڵپیان بکەینەوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، دەتوانرێت بگوترێت کە **[allegoriaنیشانەی ڕەمزیی] و [hyponoiaگومان ]لە بونیادی زماندان و دەکەونە پێش زمانەوە**؛ نەك ئەو شتەی کە دواتر خزاوەتە ژێر وشەکانەوە تاوەکو شوێنیان بگۆڕێت و بیانجوولێنێت، بەڵکە ئەو شتەی کە وشەکانی بەدیهێناوە و بە دروشانەوەیەکی گۆڕاوەوە ڕووناکیان دەکاتەوە. هەروەها هەر لەبەر ئەمەیە کە***لە ڕوانگەی نیچەدا ڕاڤەکار «هەقیقەتبێژ»ـە؛ ڕاڤەکار «هەقیقەتبێژ»ـە نە بەم هۆیەی کە هەقیقەتێك لە خەودا زەوت دەکات تا بیهێنێتە سەر زمان،***

---

[١٥] je sens un chien sur moi: I feel a dog over me..

***بەڵکە لەو ڕووەوە کە ڕاڤەیەك دەردەبڕێت کە کارکرد و ڕۆڵی هەر هەقیقەتێك شاردنەوەی ئەو ڕاڤەیە. ڕەنگە ئەم لەپێشترییەی ڕاڤەکردن لە نیشانەکان، مسۆگەرترین و گرنگترین و دیارییکەرترین پنت بێت لە هێرمنۆتیکی مۆدێرندا.***

ئەم ئایدیایەی کە دەڵێت ڕاڤەکردن لەپێشترە لە نیشانەکان، هەڵگری ئەو مانایەیە کە پێدەچێت نیشانە چیتر بوونەوەرێکی سادە و خێرخواز نەبێت چەشنی ئەوەی کە لە سەدەی شانزەیەمدا وێنا دەکرا؛ سەدەیەك کە تێیدا زۆری نیشانەکان و هاوشێوەیی شتەکان لەگەڵ یەکتردا تەنها میهرەبانی و خێرخوازیی خواوەندی دەسەلماند، و تەنها بە پەردەیەکی تەنك نیشانەی لە مەدلوول جیا دەکردەوە. بە پێچەوانەوە، پێموایە لە سەدەی نۆزدەیەم و لەدوای فرۆید، مارکس و نیچەوە نیشانە دەبێتە [بوونەوەرێکی] بەدخواز؛ مەبەستم ئەمەیە کە شێوەیەك لە دوالیزم[ـی واتایی] و کەمێك بەدخوازیی و «دڵپیسی» شاراوە لە نیشانەدا هەیە. ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە نیشانە پێشوەخت ڕاڤەیەکە کە خۆی بە ڕاڤە نیشان نادات. نیشانەکان، ڕاڤەگەلێکن کە هەوڵدەدەن پاساو بۆ خۆیان بهێننەوە و نەك بەپێچەوانەوە.

پارەش بە هەمان شێواز کار دەکات، وەك چۆن لە ***ڕەخنەی ئابووریی سیاسی***(٥) و بە تایبەت کتێبی یەکەمی ***سەرمایە***دا، ڕوون کراوەتەوە. لە ڕوانگەی فرۆیدیشدا، نیشانەکانی نەخۆشی بە هەمان شێواز کار دەکەن. و لای نیچەش، وشەکان، دادپەروەریی، پۆلێنی دوالیستی خێر و شەڕ و دواجار وشەکان دەمامکن[١٦]. نیشانە، بەهۆی بەدەستهێنانی ئەم کارکردە نوێیەوە، واتە بە هۆی شاردنەوەی ڕاڤەکردنەوە، بوونی سادەی خۆی وەك دالێك لە دەستدەدات؛ بوونێك کە هێشتا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا لێی بەهرەمەند بوو. وەك بڵێی بارستایی تایبەتی نیشانە لەیەك بکرێتەوە و تەواوی ئەو چەمکە نێگەتیڤانەی کە تا هەنووکە نامۆ بوون بە تیۆری نیشانە، ئەو دەرفەتە بە دەست دێنن کە خۆیان بخەنە درزی ئەو تیۆرەوە. تیۆریی نیشانە تەنها ساتی شەفاف و نە ئەوەندەش نێگەتیڤی پەردەی دەناسی. [بەڵام] ئێستاکە تەواوی گەمەی چەمکە نێگەتیڤەکان، پارادۆکسەکان و لێکدژییەکان و، بە کورتی کۆی ئەو گەمانەی هێزە کردەگەراکان کە دۆلۆز لە کتێبەکەی خۆیدا سەبارەت بە نیچە، بە چاکی شیکردوونەتەوە، سەرلەنوێ ئەو دەرفەتە بەدەست دەهێنن کە لەناو تیۆری نیشانەدا ڕێك و سیستماتیك بکرێن.

---

[١٦].مەبەستی فۆکۆ ئەم وتەیەی نیچەیە کە لە برگەی ٢٨٩ی کتێبی ***ئەودیوی خێر و شەڕ***دا هاتووە: «هەر فەلسەفەیەک فەلسەفەیەکی تر دەشارێتەوە، و هەر تیۆرییەک حەشارگەیەک، و هەر وشەیەک دەمامکێکە.» (فریدریش نیچە، فراسوی نیک و بد، ص ٢٣٨). (و. کوردی)

ئەگەر ئەم وتەیە [ی مارکس]، واتە «خستنەسەرپێی دووبارەی دیالێکتیك» مانایەکی هەبێت، ئایا ماناکەی ناتوانێت ئەمە بێت کە تەواوی ئەو گەمەی نێگەتیڤیتە، دووبارە لە بارستایی گەورەی نیشانەدا، جێ بکرێتەوە؛ واتە لەم فەزا کراوە و بێسنوور و چڕەدا، لەناو ئەم فەزایەدا کە بەبێ جەوهەری ڕاستەقینە و بەبێ ئاشتی، کۆی ئەو گەمە نێگەتیڤیتەی کە دیالێکتیك جەوهەر و ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ کردەوە کاتێك کە مانایەکی پۆزەتیڤی پێ بەخشی؟

لە کۆتاییدا، دواهەمین تایبەتمەندیی هێرمنۆتیك ئەمەیە کە ڕاڤەکردن خۆی بە ناچار دەزانێت تا ناکۆتا خۆی ڕاڤە بکاتەوە؛ ناچار بەمەی کە دەبێت بەردەوام سەرلەنوێ بەکار بهێنرێتەوە و خۆی بەدی بهێنێتەوە. لەم تایبەتمەندییەوە دوو ئاکامی گرنگ بەدەست دێت: یەکەم؛ ئەمەی کە ڕاڤە لەمە بەدواوە هەمیشە ڕاڤەی «چ کەسێك؟» دەبێت؛ ***ئێمە ئەوشتە ڕاڤە ناکەین، کە لە مەدلوولدا هەیە، بەڵکە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاڤە دەکەین کە ئەمە چ کەسێك ئەم ڕاڤەیەی گەڵاڵە کردووە؛ پرەنسیپی ڕاڤە هیچ نییە جگە لە ڕاڤەکار، و ڕەنگە ئەمەش هەمان ئەو مانایە بێت کە نیچە بەخشییە «دەروونناسی». دووەم ئاکام ئەمەیە کەدەبێت ڕاڤە بەردەوام خۆی ڕاڤە بکات و، ناتوانێت نەگەڕێتەوە بۆ خۆی. بە پێچەوانەی زەمەنی نیشانەکانەوە کە زەمەنی تێپەڕینە، و بە پێچەوانەی زەمەنی دیالێکتیکەوە کە بەهەرحاڵ زەمەنێکی هێڵییە، زەمەنی ڕاڤە، زەمەنێکی بازنەییە؛ ئەم زەمەنە ناچارە دووبارە لە هەمان ئەو شوێنەوە تێپەڕێت کە پێشتر پێیدا ڕۆشتووە، و سەرەنجام تاکە مەترسییەکی بەردەم ڕاڤەکردن، کە ئەڵبەتە مەترسییەك لە سەرووی هەموو مەترسییەکانەوە، بە شێوەیەکی پارادۆکس لە نیشانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. نیشانەکان ڕاڤە دەخەنە بەردەم مەترسییەوە. مەرگی ڕاڤە واتە باوەڕبوون بە بوونی نیشانەکان؛ نیشانەگەلێك کە بە شێوەی ئۆریجینال، واقیعی و سەرەتایی وەك هێما تۆکمە، نرخدار و میتۆدمەندەکان بوونیان هەبێت.***

***بە پێچەوانەوە، ژیانی ڕاڤە، واتە باوەڕبوون بەوەی کە جگە لە ڕاڤەکان هیچ شتێکی تر بوونی نییە؛ پێموایە دەبێت ئەم خاڵە بەتەواوەتی دەرك بکرێت کە هێرمنۆتیك و نیشانەناسی دوو دوژمنی دێرینی یەکترن؛ ئەمە خاڵێکە کە زۆرێك لە هاوچەرخانی ئێمە فەرامۆشیان کردووە.*** هێرمنۆتیکێك کە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی جۆرێك نیشانەناسی و لەسەر ڕووی نیشانەناسییەك دەق دەبێت، باوەڕی بە بوونی ڕەهای نیشانەکان هەیە: ئەم جۆرە هێرمنۆتیکە توندووتیژیی، ناتەواویی و ناکۆتابوونی ڕاڤەکان پشتگوێ دەخات تا ترس و تۆقینی نیشانە زاڵ بکات و گومان بخرێتە سەر زمان. لێرەدایە کە مارکسیزم لەدوای مارکسەوە دەناسینەوە. بە پێچەوانەوە، هێرمنۆتیکێك کە بەسەر خۆیدا دەنووشتێتەوە و دەق دەبێت، دەچێتە ناو پانتایی و ئەو

قەڵەمڕەوانەوە کە بەردەوام لەسەر یەك دەق دەبن و دەنووشتێنەوە، واتە دەچێتە ناوچەیەکی هاوبەش لەنێوان شێتی و زمانی پەتیی. لێرەدایە کە دووبارە نیچە دەناسینەوە.

## گفتوگۆ

**بوئێم**[١٧]: بەڕێز فوکۆ، تۆ بە باشی ئەوەت نیشاندا کە لای نیچە ڕاڤە هەرگیز ڕاناوەستێت و تەنانەت ڕەوتی واقیعییەت بنیات دەنێت؛ سەرەڕای ئەوەش، بۆ نیچە ڕاڤەکردنی جیهان و گۆڕینی جیهان دوو شتی جیاواز نییە. بەڵام ئایا بۆ مارکسیش بە هەمان جۆرە؟ مارکس لە دەقێکی ناوداردا، گۆڕینی جیهان و ڕاڤەکردنی جیهان لە بەرامبەر یەکتردا دادەنێت...[١٨]

**میشێل فوکۆ**: چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە ئەم وتەیە[ی مارکس] دژی وتەکانم بهێنرێتەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ***ئابووریی سیاسی***، دەبینن کە مارکس بەردەوام ئابووریی سیاسی بە فۆرمێك لە ڕاڤەکردن دادەنێت. ئەو دەقە [چەند تێزێك دەربارەی فویەرباخ] لەبارەی ڕاڤەوە پتر گرنگی بە فەلسەفە و **کۆتایی فەلسەفە** دەدات. بەڵام ئایا ئابووریی سیاسی بەو چەشنەی کە مارکس لێی تێدەگات، ناتوانێت یەك ڕاڤە بێت، ڕاڤەیەك کە ڕەتکراوە نەبێت، لەبەر ئەوەی دەتوانێت گۆڕینی جیهان لەبەرچاو بگرێت و بە جۆرێك لە جۆرەکان ناوەکی بکاتەوە؟

**بوئێم**: پرسیارێکی تر: ئایا پرسی بنچینەیی و گرنگ بۆ مارکس، نیچە و فرۆید، ئایدیای خۆفریودانی ئاگایی نییە؟ ئایا لێرەدا ئایدیایەکی نوێ نییە کە بەر لە سەدەی نۆزدەهەم بوونی نەبووە و ئایا دەتوانرێت سەرچاوەی ئەم ئایدیا نوێیە لە هیگڵدا بدۆزرێتەوە؟

**میشێل فوکۆ**: ڕەنگە سستی و لاوازیی لە منەوە بێت کە ناچارم پێت بڵێم ئەمە بە وردی ئەو شتە نییە کە دەمویست گەڵاڵەی بکەم؛ من دەمویست توێژینەوە لەسەر ڕاڤە بکەم بەو چەشنەی کە هەیە. بۆچی دووبارە دەستمان کردەوە بە ڕاڤەکردن؟ ئایا لەژێر کاریگەریی هیگڵدا بووە؟

---

[١٧] Boehm..

[١٨].ئەم وتەیەی **بوئێم** ئاماژەیە بۆ نووسراوەکەی مارکس *چەند تێزێک دەربارەی فویەرباخ* و بە تایبەت تێزی یازدەیەمی مارکس: «فەیلەسووفەکان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر جیهانیان لێکداوەتەوە، لە کاتێکدا کێشەکە گۆڕینی جیهانە.» (کارل مارکس & فریدریش انگلس؛ لودویگ فوئرباخ و ایدئولوژی المانی، ت: پرویز بابایی، ص ٨٣). (و. کوردی)

ئەو شتەی کە بەڵگەنەویستە ئەمەیە کە هەرچۆنێك بێت، گۆڕانێك لەو چییەتی و گرنگیی و بایەخەی کە بۆ نیشانەیان دادەنا، ڕوویداوە؛ گۆڕانێك کە لە کۆتایی سەدەی هەڤدەیەم یا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویداوە؛ ئەویش لەسەر بنەمای چەندین بەڵگەی فراوان. بۆ نموونە، دۆزینەوەی زمانناسی لە مانای کلاسیکی وشەدا، ڕێکخستنی تۆڕێك لە زمانە هیندۆئەورووپییەکان، ئەم ڕاستییەی کە میتۆدەکانی پۆلێنکردن ڕەهەندی سوودمەندبوونیان لەدەستداوە، هەموو ئەمانە دەشێت جیهانی کولتووریی نیشانەکانمانی سەرلەنوێ بە تەواوەتی ڕێکخستبێتەوە. شتگەلێکی وەك فەلسەفەی سرووشت- ئەڵبەتە فەلسەفەی سرووشت لە مانا ئێجگار گەشەکردووەکەیدا- نەك تەنها لای هیگڵ، بەڵکە لای تەواوی ئەڵمانییە هاوچەرخەکانی هیگڵ، بێگومان بەڵگەی ئەم گۆڕانەیە لە سیستەمی نیشانەکاندا کە لەم ساتە مێژووییەدا لە کولتووردا ڕوویداوە.

هەست دەکەم لەبارەی ئەم جۆرە کێشەیەوە کە ئێستا لەئارادایە، چاکتر و پڕ بەرهەمتر دەبێت ئەگەر لە ئایدیای فریودانی ئاگایی، تێگەیەك ببینین کە بەرهەمی گۆڕانی سیستەمی نیشانەکانە، لە جیاتیی ئەوە بە پێچەوانەوە، دەبێت ئاخێزگەی کەڵکەڵەی ڕاڤەکردن لە گۆڕانی سیستەمی نیشانەکاندا بدۆزینەوە.

**تاوبیس**[١٩]: ئایا لێکدانەوەی بەڕێز فوکۆ کەموکوڕ و ناتەواو نییە؟ ئەو تەکنیکەکانی لێکدانەوەی ئایینی لەبەرچاو ناگرێت، کە ڕۆڵێکی دەستنیشانکەر و سەرەکیان هەبووە لە مێژووی ڕاڤەکردندا. و ناگەڕێت بەدوای پەیوەندیی مێژوویی ڕووتدا. بەپێی ئەو شتەی کە بەڕێز فوکۆ ڕوونی کردەوە، پێموایە کە ڕاڤە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە هیگڵ دەست پێ دەکات.

**میشێل فوکۆ**: من لەبارەی ڕاڤەی ئایینییەوە کە لە ڕاستیدا گرنگییەکی زۆری هەبووە، قسەم نەکرد؛ لەبەر ئەوەی لە مێژوویەکی زۆر کورتدا کە نەخشەم کێشا، پتر پەرژامە سەر نیشانەکان و نەك بپەرژێمە سەر مانا. دابڕانی سەدەی نۆزدەیەم [لە سەدەی هەڤدەیەم و تاڕادەیەك سەدەی هەژدەیەم] دەتوانرێت لەژێر ناوی هیگڵدا دابنرێت. بەڵام لە مێژووی نیشانەکاندا- ئەڵبەتە لە بەربڵاوترین ڕەهەندی جوگرافیاندا- دۆزینەوەی زمانە هیندۆئەورووپاییەکان، لەناوچوونی ڕێزمانی زمانی گشتی و، شوێنگرتنەوەی چەمکی ئۆرگانیزم لە جیاتیی چەمکی تایبەتمەندیی، باوەڕ بکەن «گرنگی»ـەکی کەمتریان نەبووە لە فەلسەفەی هیگڵ. ***نابێت مێژووی فەلسەفە و دێرینەناسیی ئەندێشە بە یەك شت بزانرێن.***

---

Taubes..[١٩]

**جیانی ڤاتیمۆ**[٢٠]: ئەگەر بە درووستی لە وتەکانت تێگەیشتبم، [ئەوا] دەبێت مارکس لە ڕیزی ئەو بیرمەندانەدا پۆلێن بکرێت کە وەك نیچە، ناکۆتابوونی ڕاڤەیان دۆزییەوە. سەبارەت بە نیچە تەواو هاوڕام لەگەڵت. بەڵام ئایا لای مارکس، بە ناچاری بوارگەیەك بۆ چوونە ژوورەوە بوونی نییە؟ ئەگەر ژێرخان بە مانای ئەو شتە نەبێت کە دەبێت وەك بونیاد لەبەرچاو بگیرێت، کەواتە چییە؟

**میشێل فوکۆ**: من ئایدیاکەمم سەبارەت بە مارکس زۆر پەرەپێنەدا؛ تەنانەت دەترسم دووبارە نەتوانم ئایدیاکەم ڕوون بکەمەوە. بەڵام بۆ نموونە، ***هەژدەیەمی برۆمێر***(٦) لەبەرچاو بگرە: مارکس هەرگیز ڕاڤەی خۆی وەك ڕاڤەی کۆتایی نابینێت. ئەو باش دەزانێت و ئەوەش دەڵێت کە دەتوانرێت لە ئاستێکی قووڵتر یا لە ئاستێکی گشتیتردا ڕاڤە ئەنجام بدرێت و، ڕوونکردنەوەیەك کە لە ئاستدا [سطح] بێت، بوونی نییە.

**ژان واڵ**[٢١]: پێموایە جەنگێك لەنێوان نیچە و مارکس و لەنێوان نیچە و فرۆیددا هەیە، هەرچەندە کۆمەڵێك هاوشێوەیی و لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت. ئەگەر هەق بە مارکس بێت، [ئەوا] دەبێت نیچە وەك دیاردەیەکی پەیوەست بە بۆرژوازیی ئەو سەردەمەوە ڕاڤە بکەین؛ ئەگەر هەق بە فرۆید بێت، [ئەوا] دەبێت ناخودئاگای نیچە بناسین. کەواتە من جۆرێك جەنگ دەبینم لەنێوان نیچە و ئەو دووانەی تردا.

**ئایا ئەوە ڕاست نییە کە ئێمە زیاد لە ڕادەبەدەر ڕاڤەمان هەیە؟ ئێمە دووچاری «نەخۆشی ڕاڤە»ین. بێگومان دەبێت بەردەوام ڕاڤە بکەین. بەڵام ئایا هێشتا شتێك بۆ ڕاڤەکردن هەیە؟ و دووبارە دەپرسم: چ کەسێك ڕاڤە دەکات؟** سەرەنجام ئەمەی کە ئێمە فریومان خواردووە، بەڵام لە لایەن چ کەسێکەوە؟ یەك فریودەر هەیە، بەڵام ئەم فریودەرە کێیە؟ بەردەوام فرەییەك لە ڕاڤەکان هەن: مارکس، فرۆید، نیچە، و هەروەها گۆبینۆ ... مارکسیزم هەیە، دەروونشیکاریی هەیە و، هەروەها بە مانایەك ڕاڤە ڕادیکاڵەکان هەن...

**میشێل فوکۆ**: پێموایە کێشەی فرەیی ڕاڤەکان و جەنگی ڕاڤەکان لە لایەنی پێکهاتەییەوە، تەنها بەهۆی خودی پێناسەی ڕاڤەوە کە تا ناکۆتا درێژ دەبێتەوە و پێکدێت، ئەگەری ڕەخسانی هەیە، بەبێ ئەوەی کە پنتێکی ڕەها بوونی هەبێت کە بەپێی ئەو پنتە، ڕاڤە بتوانێت خۆی بنرخێنێت و مسۆگەریی بەدەست بهێنێت. بە شێوەیەك کە هەر ڕاڤەکارێك دەبێت **ئەمە** بزانێت کە: **لە هەمان**

---

[٢٠]. Gianni Vattimo.
[٢١]. Jean Wahl.

**ئەو ساتەدا کە ڕاڤە دەکەین، مەحکوومین بەوەی کە ڕاڤە بکرێین.** ئەم فرەییەی ڕاڤەکان بێگومان تایبەتمەندییەکە کە بە قووڵی خاسییەتی تاقانەی کولتووری هەنووکەیی ڕۆژئاوا نیشان دەدات.

**ژان واڵ**: لەگەڵ ئەمەشدا کەسانێك هەن کە ڕاڤەکار نین.

**میشێل  فوکۆ**: لەم حاڵەتەدا، تەنیا دووپات دەکەنەوە، ئەوانە خودی زمان دووبارە دەکەنەوە.

**ژان واڵ**: بۆچی؟ بۆچی وەها بڵێین؟ ئاسایی دەمانەوێت بە شێوەی جۆراوجۆر **کلۆدل** ڕاڤە بکەین، بە شێوەی مارکسیستی، بە شێوەی فرۆیدیی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خاڵی گرنگ ئەمەیە کە هەرچۆنێك بێت، ئەم بەرهەمانە بەرهەمی کلۆدلن. وتنی ئەم خاڵە لە ئاست [بەرهەمەکانی] نیچەدا دژوارترە. سەبارەت بە ڕاڤە مارکسیستییەکان و فرۆیدییەکان، مەترسیی گوێڕایەڵی و ملپێدان ... هەیە.

**میشێل  فوکۆ**: من ناڵێم گوێڕایەڵییە! ئەوە ڕوونە کە لە تەکنیکەکانی ڕاڤەی نیچەدا، شتێك هەیە کە جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە و ئەمەش وادەکات کە نەتوانین نیچە لەو گرووپانەدا جێ بکەینەوە کە ئێستاکە لە لایەکەوە کۆمۆنیستەکان و لە لایەکی ترەوە دەروونشیکاران نوێنەرایەتیان دەکەن. لەمڕۆدا نیچەییەکان، پتر نیچە ڕاڤە دەکەن...

**ژان واڵ**: ئایا نیچەییەکان بوونیان هەیە؟ وابزانم سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ئەوانمان خستە بەر گومان و پرسیارەوە!

**بارۆنی**[٢٢]: دەمەوێت لە تۆ بپرسم کە ئایا پێتوانییە کە بتوانرێت لەنێوان نیچە، فرۆید و مارکسدا، ئەم هاوشانییە دابمەزرێت: نیچە لە ڕاڤەکەیدا بە شوێن لێکدانەوەی هەستە باشەکان و نیشاندانی ئەو شتەوەیە کە لە ڕاستیدا ئەم هەستانە دادەپۆشن (بۆ نموونە لە***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق***دا). فرۆید لە دەروونشیکاریدا پەردە لەسەر ئەو شتە لادەدات کە جەوهەری شاراوەیە؛ لێرەشدا، ڕاڤە بۆ هەستە باشەکان کارەساتبارە. مارکس هێرش دەکاتە سەر ئاگایی بۆرژوازیی و ئەو شتە نیشان دەدات، کە لە واقیعدا بوونی هەیە. بە شێوەیەك پێموایە ئەم سێ جۆرە ڕاڤەیە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ئایدیایەدان کە: نیشانەگەلێك بۆ وەرگێڕان هەن کە دەبێت ئاماژەکانیان بدۆزرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم وەرگێڕانە سادە نەبێت و، دەبێت هەنگاو بە هەنگاو و دەشێت تا ناکۆتا ئەنجام بدرێت و ڕەنگرێژ بکرێت.

---

[٢٢] Baroni..

بەڵام پێموایە جۆرێکی تری ڕاڤە لە دەروونناسیدا هەیە کە تەواو دژبەر دەنوێنێت، و دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم کە بەڕێزت قسەت لەبارەوە کرد. ئەم ڕاڤەیە ڕاڤەی ***کارڵ گۆستاڤ یۆنگ***ە کە بە وردی ژەهرێکی کەمکەرەوەی لە جۆری ڕاڤەی فرۆیدیی ئاشکرا کرد. یۆنگ ڕەمز لە بەرامبەر نیشانەدا دادەنێت؛ نیشانە ئەو شتەیە کە دەبێت وەربگێڕدرێت بۆ جەوهەرە شاراوەکەی، لە کاتێکدا کە ڕەمز خۆی قسە دەکات. هەرچەندە کەمێك پێش ئێستا وتم بە بۆچوونی من نیچە لەپاڵ فرۆید و مارکسدا جێدەگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێموایە لێرەدا نیچە دەتوانێت نزیکیش بێت لە یۆنگ. بۆ نیچەش هەروەك یۆنگ، لێکدژییەك هەیە لەنێوان «من» و «ئەو»ـدا، لەنێوان عەقڵی بچووك و عەقڵی گەورەدا. نیچە ڕاڤەکارێکی لەرادەبەدەر بڕەر و تەنانەت بێبەزەییە؛ بەڵام لای ئەو، شێوەیەك لە گوێڕایەڵی بۆ «عەقڵی گەورە» هەیە کە ئەمەش نزیکی دەکاتەوە لە کارڵ یۆنگ.

**میشێل فوکۆ**: بێگومان هەق بە ئێوەیە.

**خانم ڕامنۆ**[٢٣]: دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئەم خاڵە کە بۆچی لەبارەی ڕۆڵی لێکدانەوەی ئاینییەوە قسەت نەکرد؟ پێموایە کە ناتوانرێت تەنانەت مێژووی وەرگێران پشتگوێ بخرێت: لەبەر ئەوەی هەر وەرگێڕێکی کتێبی موقەدەس لە بنچینەدا بە خۆی دەڵێت ئەو مانایەی دەربڕیوە کە جێ مەبەستی خواوەندە و سەرەنجام دەبێت ڕاستگۆییەکی ڕاستەقینە و بێسنوور لە وەرگێڕانەکەیدا بەکار بهێنێت. دەرەنجام ئەمەی کە وەرگێڕانەکان بە درێژایی زەمەن دەگۆڕدرێن و لە ماوەی ئەم گۆڕانکاریانەی وەرگێڕانەکاندا، شتێك ئاشکرا دەبێت. ئەمە پرسیارێکە گەلێك دژوار...

هەروەها پێش بیستنی وتەکانت، بیرم لەو پەیوەندییە شیاوەی نێوان نیچە و فرۆید کردەوە؛ ئەگەر پێڕستی بەرهەمە تەواوەکانی فرۆید و سەرەڕای ئەوەش کتێبەکەی جۆنز[٢٤] لەبەرچاو بگرێت، دواجار شتگەلێکی زۆر کەمی تێدا دەدۆزیتەوە. کتوپڕ بە خۆمم وت: کێشەکە پێچەوانەیە. بۆچی فرۆید لە ئاست نیچەدا بێدەنگی هەڵبژارد؟

کەواتە لێرەدا دوو خاڵی گرنگ هەن: یەکەم ئەمەی کە پێموایە لە ساڵی ١٩٠٨دا قوتابییەکانی فرۆید، واتە ڕانکە و ئادلەر هاوشێوەیی و لێکچوونیان لەنێوان تێزەکانی نیچە (بە تایبەت ***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق***) و تێزەکانی فرۆیددا، کردە بابەتی یەکێك لە کۆبوونەوە بچووکەکانیان.

[٢٣]. Ramnoux.

[٢٤]. ئەم وتەیەی ڕامنۆ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵەیەکی سێ بەرگی بە ناوی ***ژیان و بەرهەمەکانی سیگمۆند فرۆید*** کە لە لایەن ئێرنست جۆنزی قوتابی فرۆیدەوە نووسراوە.

فرۆید بە خۆپارێزییەکی لەڕادەبەدەرەوە، ئەم کارەی بەوان سپارد و، پێموایە ئەو شتەی کە لەو سەردەمەدا درکاندی، تاڕادەیەك ئەمەیە: نیچە لەوێدا ئایدیاگەلێکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

خاڵێکی تر ئەمەیە کە لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە، فرۆید پەیوەندییەك لەگەڵ ***لۆ سالۆمە*** دروست دەکات؛ بێگومان ئەو تێزی سەرەتایی یا لێکدانەوەی فێرکاریی لە لۆ سالۆمەدا ئەنجام دەدا.(٧) دواجار دەبێت لە ڕێگەی لۆ سالۆمەوە، جۆرێك پەیوەندیی پزیشکی لەنێوان فرۆید و نیچەدا هەبووبێت. بەڵام فرۆید نەیدەتوانی قسەی لەبارەوە بکات. خاڵی بەڵگەنەویست ئەمەیە کە هەموو ئەو شتەی کە لۆ سالۆمە دواتر چاپی کرد، لە ڕاستیدا بەشێکە لە لێکدانەوەی بەربڵاوی فرۆید و دەبێت لەم ڕوانگەوە بخوێنرێتەوە. پاشان ئێمە کتێبی ***موسا و یەکتاپەرستی***(٨) فرۆیدمان هەیە کە تێیدا جۆرێك گفتوگۆ هەیە لەنێوان فرۆید و نیچەی ***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق***. دەبینیت، من چەند پرسێکم بۆ تۆ خستەڕوو، ئایا تۆ شتێکی زیاتر لەم بارەوە دەزانیت؟

**میشێل فوکۆ**: نەخێر، هەر لە بنەڕەتدا هیچ شتێکی زیاتر لەم بارەوە نازانم؛ لە ڕاستیدا، بێدەنگی سەرسامکەری فرۆید لە ئاست نیچەدا- ئەڵبەتە جگە لە یەك یا دوو ڕستەی کورت- تەنانەت لە نامەنووسینەکانیدا منی دووچاری سەرسوڕمان کرد. لە ڕاستیدا ئەمە تاڕادەیەك [پەیوەندییەکی] ئاڵۆز و ڕەمزاوییە. ڕوونکردنەوە لە ڕێگەی لێکدانەوەی لۆ سالۆمەوە بووە هۆی ئەوەی کە فرۆید نەتوانێت شتێکی زیاتر لەم بارەوە بڵێت...

**خانم ڕامنۆ**: نەیدەویست شتێکی زیاتر لەم بارەوە بڵێت...

**دیمۆنبینس**[٢٥]: تۆ لەبارەی نیچەوە وتت کە **ئەزموونی شێتی نزیکترین خاڵە لە ناسینی ڕەهاوە**؛ دەتوانم لێت بپرسم کە بە بۆچوونی تۆ نیچە تا چ سنوورێك ئەزموونێکی لە شێتیدا هەبوو؟ ئەگەر کەمێك کاتی زۆرترت هەبووایە، ئاسایی زۆر سەرنجڕاکێشتر دەبوو کە هەمان پرسیارت لە ئاست مرۆڤە مەزنەکانی تردا گەڵاڵە بکردایە؛ لە ئاست شاعیران یا نووسەرانێکی وەك ***هۆڵدەرلین***، ***نێرڤال*** یا ***موپاسان***، یا تەنانەت مۆسیقازانی وەك ***شومان***، ***هێنری دوپاك*** یا ***مۆریس ڕاوڵ***. بەڵام با لە سنووری نیچەدا بمێنینەوە. ئایا بە درووستی لێی تێگەیشتووم؟ چون بەڕاستی تۆ لەبارەی ئەم ئەزموونی شێتییەوە قسەت کرد. ئایا بەڕاستی ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەتویست بیڵێیت؟

**میشێل فوکۆ**: بەڵێ.

---

[٢٥] Demonbynes.

**دیمۆنبیس**: نەتدەویست بڵێیت «ئاگایی» یا «پێش زانست» یا پێش هەستی شێتی؟ ئایا بەڕاستی پێتوایە کە دەتوانرێت... بگوترێت کە مرۆڤە مەزنەکانی وەك نیچە دەتوانن «ئەزموونی شێتی»ان هەبێت؟

**میشێل فوکۆ**: پێت دەڵێم بەڵێ، بەڵێ.

**دیمۆنبیس**: لە مانای ئەوە تێناگەم، چون من مرۆڤێکی مەزن نیم!

**میشێل فوکۆ**: من وەها شتێك ناڵێم، ناڵێم تۆ مرۆڤێکی مەزن نیت.

**کیلکیل**[٢٦]: پرسیارەکەی من زۆر کورتە و بەستراوە بە ناوەڕۆك و بنچینەوە؛ بەستراوە بەو شتەوە کە تۆ ناوت لێنا «تەکنیکەکانی ڕاڤەکردن»، و وادیارە کە نامەوێت بڵێم یەك جێگرەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت یەك جێنشین، یەك جێنشینی شیاو بۆ فەلسەفە لەو [تەکنیکانەدا] دەبینیت. ئایا پێتوانییە کە ئەم تەکنیکانەی ڕاڤەکردنی جیهان بەر لە هەر شت تەکنیکی «دەرمان»، تەکنیکی «چارەسەر» بن- ئەڵبەتە لە گشتیترین مانای وشەی دەرماندا-[دەرمان]ـی کۆمەڵگە لای مارکس، [دەرمان]ـی تاك لای فرۆید، و [دەرمان]ـی مرۆڤایەتی لای نیچە؟

**میشێل فوکۆ**: لە ڕاستیدا، پێموایە کە مانای ڕاڤەکردن لە سەدەی نۆزدەیەمدا تەواو نزیکە لەو شتەوە کە تۆ بە دەرمان و چارەسەر تێی دەگەیت. لە سەدەی شانزەیەم، ڕاڤە زیاتر لەپاڵ «وەحی» و چەمکی «ڕزگاریی»دا، مانای وەردەگرت. لێرەدا من تەنها وتەیەکی مێژوونووسێکتان بۆ دەگێڕمەوە بەناوی گارسیاوە؛ ئەو لە ساڵی ١٨٦٠دا وتوویەتی: «لە سەردەمی ئێمەدا تەندرووستی شوێنی ڕزگاریی گرتووەتەوە.»

---

[٢٦] Kelkel.

## یادداشتەکان

1- F. Nietzsche, *Morgenvothe*, Leipzig, C. G. Naumann, 1880.

2- F. Nietzsche, *Jenseits Von Gut und Bose*, Vorspiel einer Philosophie der Zukunft, Leipzig, C. G. Naumann, 1886.

3- F. Nietzsche, *Ecce Homo*, *Wie man wird*, was man ist, Leipzig, C. G. Naumann, 1889.

٤- بگەڕێنەوە بۆ: نیچە، ***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق***، گوتاری یەکەم، بڕگەی ٤ و ٥.

5- K. Marx, *Zur Kritik der Politischen Oekonomie*, Berlin, Franz Danker, 1859.

6- K. Marx, *Der Achtzehnte Brumaire des Louis Bonaparte*, in Die Revolution, Eine zeitschrift in Zwanglasen Haften, ed. J. Weydemeyer, Erstes Heft, New York, 1852.

٧- ئاماژەیە بۆ نامە گۆڕینەوەکانی فرۆید و لۆ سالۆمە بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك:

Lou Andreas-Salome, Correspodance avec Sigmund Freud (1912-1936), Paris, Gallimard, coll. Connaissance de Iinconscient, 1970.

8- S. Freud, *Der Mann Moses und die Monotheistisch Religion. Drei Abbundlungen*, Amsterdam, Allert de Lange, 1939.